مینحەی دارایی بۆ چالاکییەکانی کاتبەسەربردن fritidsaktivitet

بەرپرسانی شارەوانیی Nordre Follo(kommunen) دەیانەوێت منداڵ و لاوانی زیاتر بەشداری لەو چالاکییانەدا بکەن کە بۆ کاتبەسەربردنن و بەشێوەیەکی بەردەوام ڕێک دەخرێن. بۆ ئەم مەبەستە، شارەوانیی پلانێکی بۆ دابینکردنی مینحەی دارایی دارشتوە کە لە ڕێیەوە یانە و کۆمەڵە و کارمەندانی شارەوانیی دەتوانن داواکاری بۆ پێشکەش بکەن.

دەتوانیت پاڵپشتی دارایی بۆ چ مەبەستێک وەربگریت؟

دەتوانیت پاڵپشتی دارایی وەربگریت بۆ دانی سەرجەم ئەو خەرجییانەی پەیوەندیدارن بە چالاکییە جێگیرەکانی کاتبەسەربردنەوە کە بەردەوام ڕێکدەخرێن. نمونەی چالاکییەکانیش بریتین لە ئابوونەی ئەندامێتی، مۆڵەت، تێچووی بەشداربوو/چالاکییەکان و خەرجیەکانی دیکەی پەیوەست بە چالاکییەک. بەرپرسانی شارەوانیی پاڵپشتی دارایی بۆ چالاکییە تاکە کەسییەکان و ئابوونەی ئەندامێتی لە هۆڵەکانی لەشجوانی دابین ناکەن.

کێ دەتوانێت پاڵپشتی دارایی وەربگرێت؟

پاڵپشتی دارایی بەو منداڵ و لاوانە دەدرێت کە تەمەنیان لە نێوان 6 بۆ 18 ساڵدایە، لە سنوری شارەوانیی Nordre Follo دەژین و ناتوانن پارەی ئەو چالاکییانەی کاتبەسەربردن بدەن کە بەردەوام ڕێکدەخرێن. ئێمە بە جیا هەڵسەنگاندن بۆ هەر داواکارییەک دەکەین و ڕەنگە بەشێک یان هەموو ئەو بڕە پارەیە بدەین کە داواکراوە.

کێ دەتوانێت (لەبری منداڵان و لاوان) داواکاری پێشکەش بکات؟

خێزان و تاکەکان ناتوانن داواکاری بۆ وەرگرتنی مینحەی دارایی پێشکەش بکەن؛ پێویستە پەیوەندی بە کارمەندێکی شارەوانیی یان ئەو کەس / دامەزراوەیەوە بکەن کە چالاکییەکە ڕێکدەخات. پاشان ئەم کەسە هەڵسەنگان دەکات و بڕیار دەدات کە ئایا منداڵەکە مینحەی دارایی دەیگرێتەوە یان نا.

بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی بۆ چالاکیەک، ئەو کەس یان کەسانەی بەرپرسیارن لە ڕێکخستنی چالاکیەکە دەبێت ناویان لە تۆماری ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان تۆمارکرابێت. هەروەها پاڵپشتی دارایی ئەو چالاکییانە دەکەین کە شارەوانیی ڕێکیاندەخات بۆ نمونە قوتابخانە کەلتوریەکان kulturskole و یانەکانی لاوان fritidsklubb.

دەبێت داواکارییەکە ئاماژە بکات بە ناوی منداڵ / لاوەکە، ڕۆژی لەدایکبوونی و ڕەزامەندی دایک، باوک یان سەرپەرشتیاری یاسایی بۆ ئەو منداڵانەی تەمەنیان خوار 15 ساڵە.

داواکاری

ڕێکخەری چالاکییەکە یان کارمەندێکی شارەوانیی فۆرمی داواکاری پڕدەکاتەوە و بە شێوازی ئەلیکترۆنیی پێشکەشی شارەوانیی دەکات. دەبێت بۆ هەر منداڵێک داواکارییەکی جیا پێشکەش بکرێت. داواکارییەکان ڕەنگە خەرجیەکانی زیاتر لە یەک چالاکی یان گەشت لەخۆنەگرێت. هیچ وادەیەک دیارینەکراوە وەک کۆتا کات بۆ وەرگرتنی داواکارییەکان.

فۆرمی پێشکەشکردنی داواکاری

کێ داواکارییەکان جێبەجێدەکات؟

دەزگای تەندروستی گشتیی، وەرزش و چالاکییەکانی دەرەوە Folkehelse, idrett og friluftsliv داواکارییەکان وەردەگرێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات بەپێی ڕێنماییەکانی پلانی مینحە دارایەکە. بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان مامەڵە لەگەڵ سەرجەم زانیارییە کەسییەکان دەکەین.

وەڵامی داواکارییەکە

پێشکەشکاران بە زۆری لە ماوەی دە ڕۆژدا وەڵامیان دەدرێتەوە. بەرپرسانی شارەوانیی بڕی پاڵپشتی دابینکراو دەبەخشنە ئەو کەس یان دامەزراوەیەی کە چالاکییەکە سازدەکات.

ئەگەر پرسیارت هەیە یان بۆ پێشکەشکردن پێویستت بە یارمەتییە

بەرپرسی بەشی تەندروستی گشتی Heidi Berentsen
تەلەفۆن : (+ 47) 90 10 27 08